لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبیەکانەوە

دانا رۆوف

سەرەتا

گومان لەوەدا نیە کە زاراوە ئەدەبیەکان(١) رۆڵێکی فرە گەورەیان گێراوە لە دیاری کردنی زۆر لە ڕێبازو شێوازە ئەدەبیو هونەریەکانداو ، ئەمڕۆکە هەریەکە لەو زاراوانە خاوەن سیماو قوتابخانەو ڕیبازی تایبەت مەندن . هەر بەهۆی ئەم زاراوانەوە ، یان بە مانایەکی تر لە ڕێگاو دیاری کردنی سیما فیکریو ئەدەبیو فەلسەفیەکانی ئەم زاراوانەوە ئەگەینە ڕاستی زۆر لە دیاردەو تەوژمە فیکریو ئەدەبیەکانەوە . ئاشکراشە ئەم زاراوانە زنجیرەیەکی لەیەك نەپچراوی بەردەوام پێك دێنیٚ کە لە یەکەم تەقەلاکانی شارستانیەتی یونانەوە دەست پیٚ ئەکاتو بەردەوامی لەگەڵ بەرەوپێش چوونو بەرز بوونەوەی ڕادەی ڕۆشنبیریو هۆشمەندی ڕوژ ئاوادا وەرگرتووەو ، هەر سەدەو سەردەمێل ئەم زاراوانە ڕۆڵو کاریگەری تایبەت مەندی خۆیان لەسەر هەموو ئاستەکان تیا گێراوەو ، بوونەتە دیاردەی سەردەمو ، ڕابەرانو قوتابخانەو قوتابیانی خۆیان هەبووە .. هەر چەندە ئەم زاراوانە لەسەرەتاوە وەك (ڕێباز ، یان تەوژم ، قوتابخانە) وەدیار نەکەوتوون ، بەڵام دوای قۆناخێکی ترو ، لەسەر دەستی تیورستو ێکۆڵەرەوەو ڕەخنەگرەکانەوە سیماو شێوازی فیکریو ئەدەبیو فەلسەفیو ئیستاتیکی وەرگرتووە .

شتێکی ڕوونو ئاشکراشە کە ئەم زاراوانە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆگشتگری بەسەر سەراپای فیکرو ئەدەبو هونەری کوردیەوە هەیە ، لەبەر ئەوە وام بە پێویست زانی گەشتێکی زانستی بکەم بە ناو هەندیٚ لەو زاراوانەداو ، سیماو شێوازی فیکریو هونەریان ڕوون بکەمەوە ، بەو نیازەی توانیی بێتم سوودێکی بچوك بگەیەنم .

ڕیالیزم

دوای ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئەوروپادا هاتو قۆناخێکی نویٚی لەژیانو پەیوەندیو گوزەرانی خەڵکی بڕیو ، ئامێر بە شێوەیەکی زیاتر فروان بڵاوبووەوەو ، دەسەڵاتی بەسەر هێزی خەڵکیدا زاڵ بوو و زۆر لەلایەنە نزیکەکانی ژیانی گرتەوەو ، ڕۆڵی چینی بۆرژوا بە شێوەیەکی بەهێزتر وەدەرکەوت ، ئەمە جگە لە ڕەنگدانەوەی سەدەی بوژانەوەو ؛ شۆڕشی فەرەنسیو جووڵانەوە ئازادی خوازیەکانی تری ڕۆژئاوا ، ژیانو کۆمەڵ جۆرە وەتیرەو ڕیگایەکی تری گرتو پەیوەندی نێوان خەڵکی کەوتە ژێر کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانەوە و ژیان بەشێوەیەکی گشتی ئاڵۆزاو پێداویستیەکانی زیاتر بوو و زیاترروو بە ڕووی خۆیو چۆنیەتی

گوزەرانو دەوروبەرەکەیو چۆنیەتی ژیانی بۆتەوە . هەر لەم ڕوانگەیەوە لەناو جووڵانەوە ئەدەبیە ڕۆمانسیەکەدا هەندێ لە شیعرەکانی (بایرۆنو بوشکینو ڕۆمانەکای هیگۆو جۆرج‌ساند) ڕابەرانی ڕۆمانسیەت بەرەو ئاسۆگەیەکی زیاتر تریک لە واقعیەت بەرێ کەوتوونو دەروازەیەکیان بۆ ئەو ڕێبازە کە بە (ڕیالیزم) ناسرا ، ناوەتە سەرپشت .

شتێکی بەڵگە نەویستە لەناو ئەو ژیانە ئاڵۆزو بەیەکاچووەی کۆمەڵگاو گۆرانکاریە گەورەکانی‌دا ووردە ووردە ئەدەبو هونەری ڕومانسیەت لە ترۆیکی تەنیایی‌و خودی تاکە کەسی‌و جیهانی خەونو خەیاڵ بێتە خوارەوەو تێکەڵ بە خەڵکی‌و واقع بێتو .. جیهانێکی (موضوعی) بەرجەستەبکەن ، بەو شێوەیە نا کە خۆیان ویستویانە ، بەڵکو بەو شێوەیەی لەواقع‌دا هەیە .

بەو چەشنەلە ناوەڕاستەکانی چاخی نۆزدەدا ڕیالیزم لە فەرەنسا سەری هەڵداوە ، هەرچەندە هەندێ لێکۆڵینەوەو ڕەخنەگری جیهانی زیاتر سەرتاکانی ئەم ڕێبازەو لە ڕوانگەی ڕۆمانەکانی (واڵتەر سکۆت)ەوە ئەگەڕێنەوە بۆ ئەنگلتەرە .

ڕیالیزمیش Realism بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتاکانی‌دا بریتی بووە لە چارەسەرکردنێکی موضوعی واقع بەبێ دەست تێوەردانی نووسەر .

لەبەر ئەوە ئاڵای شۆڕشی دژ بە ڕۆمانسیەتی هەڵکردووە ، ئەوەی زیاتریش ڕێگای بۆ ڕیالیزم خۆش‌کرد وەك دەست‌نیشانمان کرد قۆناخی دوایی زۆر لە بەرهەمی ڕابەرانی ڕۆمانسیەت خۆیان بووە ، شیعرو ڕۆمانەکانیان سیماو جیهانی ڕیالیزمی لەخۆگرتووە . لەو ڕووەوەوە هەوڵیان داوە ئەو پاڵەوانانەی ڕۆمانسیەکان لە بەرزایی ئاسمانی خەیاڵ‌دا توندیان کردبوون بیان هێنە سەر زەوی واقع‌و لە ڕوانگەی پەیوەندی بەکەسانی ترو کاریگەریەوە تێی بڕوانن ، ئەمەش بوە هۆی خولقاندنی جۆرەها ڕووداوو بابەتی جۆراو جۆر کە ئەو سیمایانەی لەخۆ ئەگرتو ، هەر لەم بوارەشەوە وێنەی خودی خەڵکیان لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە ئەکردە پاڵەوانی بەرهەمەکانیان .لە ئاکامی ئەم ئەزمونە کاریگەرەوە نوێنەرانی ڕیالیزمو لەسەدەی ڕۆمانسیەت داگەیشتنە ئەوەی بڵێن دەوروبەرو کۆمەڵ هێزێکی کاریگەری هەیە بەسەر دیاری کردنو چارەنووسی ژیانی مرۆڤەوە . نابێ ئەوەشمان لەیاد چێ کە ڕیالیزم مانای گوێزانەوەیەکی (فۆتۆگرافی) کاربۆنی واێ ناگەیەنێ .. بەڵکو (ڕاست گۆیی)لەخستنە ڕووی مەوداو شتەکانو ، ڕاستی ژیانو واقع ئاوێتەی ڕەنگ دانەوەی ئەم ڕێبازەیە (ڕاست گۆیی لـ

هونەردا مانای ڕاست گۆیە بەرامبەر بە ڕێساکانی ژیان بە گشتی‌و ، گوزارشت (تەعبیر) کردنە لە ڕۆحی کۆمەڵو بەرەوپێش چوونی . بەم شێوەیە ڕیالیزم مانای وەرگرتنی ڕاستی خودو هەوڵدانە تا لە ڕوانگەیەوە نهێنی شتە گشتیەکان بدۆزرێتەوە)[٢] .

لەبەر ئەوە ڕیالیزم نموونەی زیندو ، و ڕووداوی ناو جەرگەی سەردەمەکەی خۆی گەرەکە . گەر لەم دەروازەیەشەوە بڕوانینە بارو دۆخە کۆمەڵایەتیەکەی ئەوسای چاخی نۆزدەهەم ئەگەینە ئەو ڕاستیەی کە تا چەند هۆکارێکی گرنگی دامەزراندنی بناخەی ڕیالیزم بووە . نووسەری بلیمەتی ڕیالیزمیش ئەو نووسەرەیە وامان لێ بکات هەست بە بوونی نەکەین وەك نووسەرێک ، و بەڵکو بگەینە ئەو ڕاستیانەی کە ئەو گەرەکیەتی پێمان بڵێ بەبێ ئەوەی زۆرمان لێ بکاتو پێمان ڕابگەیەنێ ، هەروەها گرنگ ئەوەیە لە ڕوانگەی کەسەکانیەوە ڕامان‌کێشێتە ناو ڕووداوەکانیەوە ، نەك ڕاستەوخۆو ، لە ڕوانگەی خۆیەوە پەل کێشمان بکات .

ڕیالیزم لەسەرەتادا لە ئەنگلتەرە لەبواری ڕۆمانەکانی (واڵتەر سکۆت)ەوە سەری‌هەڵداوە ، بەڵام (تشارلز دیکنز) ١٨١٢ – ١٨٧٠ بە باوکی ڕاستەقینەی ئەدەبی ڕیالیزمی ئینگلیزی دائەنرێت لە فەرەنساش‌دا (فلوبیر) ئەدەبی ڕیالیزمی بڵاوکردەوە ، فلوبیر نەك تەنها دامەزرێنەری ڕیالیزمە لەفەرەنسا ، بەڵکو دیاردەیەکی ڕاستەو خۆی نەشونماکردنی ڕیالیزمە لە جیهان‌داو ، ڕۆمانی (خاتو بۆڤاری) تەقینەوەیەکی گەورەی ئەو جیهانەیە ، هەر وەها ڕۆمانی (سوورو ڕەش)ی ستندال قۆناخێکی گەورەی ڕیالیزمی فەرەنسیە ، نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە (بلزاك) ١٧٩٩ – ١٨٥٠ دائەنرێت بە ئەستێرە گەشەی ئەدەبی ڕیالیزمی فەرەنسی‌و جیهانی ، گۆرکی سەبارەت بە (کۆمیدیای مرۆڤایەتی)یەکەی ووتویەتی : – (کۆمیدیای مرۆڤایەتیم لە تەمەنی بیست ساڵیدا خوێندەوە . ئەم کتێبە هێزێکی گەورەی کاریگەر بوو بۆ سەر ئەو ڕۆمانسیەتەی هێشتا لە لام دروست نەبوو بوو ، هەستم بە بلیمەتی بەلزاك کردو خۆشەویستیەکی گەورە خۆشم وویست ، هەر وەك خۆشەویستی مامۆستایان هاوڕێی .. کتێبی بەلزاك گرانە ، مەزنە بەو هەموو خۆشەویستیەی بۆ خەڵك)[٣] .

لەدوای ئەوان بلیمەتێکی مەزنی وەك (مۆپاسان) ١٨٥٠ – ١٨٩٣ دێتە ئاراوە کە دوای چنچۆف بەبێ هیچ دوو دڵیەك دائەنرێت بە مەزنترین

کۆنه چیرۆك نووسی جیهانی .

دوی ئەوە ڕیالیزم لەگەڵ گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکانی جیهانو ژیان بەرەو گۆرنکرێو بەرەو گۆڕانکاریو بەرەو پێش چوون چوو ، تا لە ساڵەکانی ١٩٣٤ داو بەتایبەتی لە رووسیا مۆرکو بەرگێکی تری لەخۆ گرت کە بە ڕیالیزمی سۆشیالیست ناسراو فەلسەفەی دیالیکتیکی کردە بنەمانی خۆیو . دوای ئەوەش سنوری ڕوسیای بڕیو بووە ڕێسای هەموو وڵاتە سۆشیالیستەکان .

ناچرالیزم (الطبیعة) سروشتیەت

سروشت یان سروشتیەت (الطبیعة) Naturalism وەك دیاردەو تەوژمێکی بەهێزو قۆناخێکی هەڵەشەو پێشکەوتووی ڕیالیزم لە کۆتایی چاخی نۆزدە لە ئەوروپا سەری هەڵداوە .. ئەم ڕێبازە گرنگیەکی بێهاوتای داوەتە وێنەکێشانێکی زۆر ووردی سەراپاگیری چارەنووسو خودی مرۆڤ لەروانگەی سروشتی ئەو خودەخۆییو تووخمە «بایلوجی»و ناوەندە کۆمەلایەتیو ماتەریەکانەوە .

خێزانو قوتابخانەو نووسەرو چاپخانەو هاورێیو مێژوو ، و هەموو شتەکانی تر ئاوێتەی ڕەنگدانەوەو کاریگەری مرۆڤنو بەسەر مرۆڤەوە ، مرۆڤ بیەوێو نەیەوێ کۆمەڵی دابو نەریتی میراتگری چارەنووسی هەڵئەسوڕێنێ ، چونکە مرۆڤ گۆشتو خوێنەو ، بریتیە لە کۆمەڵی غەرائزو هەستو سۆز کە لەزنجیرەیەکی درێژی مێژووی باپیرانیەوە گەیشتونەتە ئەو .

هەر لەم گۆشە نیگایەوە سروشتیەکان زیاتر وویستویانە زۆر بە ووردی دووپاتی نزمترینو کلۆڵترین چینەکانی کۆمەڵ لەسەر هەموو ئاستەکان بکەنەوەو ، بارێکی پڕ لەسلبیو ڕەشبینیو توندو تێژی ئەو جیهانە بەرجەستە بکەن . گەر هەندێ بگەڕێنەوە بۆ دواوە وەك ڕیبازەکانی تردەبینین سروشتیەت گەلی هۆکاری کاریگەری گرنگ ڕۆڵی گێڕاوە لەکامڵ بوونو نەشونماکردنیدا ، لەو هۆکارانەش شکاندنی لەشکری فەڕەنسی بەرامبەر ڕووسیاو . دامرکاندنەوەی (کۆمۆنەی پاریس)و بڵاوبوونەوەی تەوژمێکی کۆنەپەرست لە هەموو بوارە جۆربەجۆرەکانی فەلسەفەو مێژوو و ، ئەدەبو . هونەرو ، زانستدا ، ئەم لایەنە سلبیانەش لە جێگای خۆیانەوە بارێکی ڕەشبینی لە دڵو دەروونی ڕابەرانی ئەم ڕیبازە خوێقاندوەو جۆرێك لەسەرپێچیو ڕۆحی ڕاپەڕانیان لەلا دروست بووە ..

ئەمە جگە لە کاریگەری زانستی پزیشکی ئەزموونگەریو بەتایبەت تاقیکردنەوەکانی (کلودبرنار)و کاریگەری کتێبەکەی (دەروازەیەك بۆ پزیشکی ئەزموونگەری)کە بەهایەکی فرەباڵاو مەزنی هەبووە بەشێوەیەکی گشتی لەسەراپای وڵاتە ئەوروپیەکاندا . لەمەودای ئەم تاقیکردنەوە زانستیانەو ، بە تایبەتیش تیۆرەکانی (برنار)ەوە دەروازەیەکی زانستی ئەزمونگەری یەکالا کراوەتەوە لەبەر دەم پاشەڕۆژی ئەم ڕێبازە ئەدەبیەداو (ئەمیل زۆلا) ڕۆڵێکی گەورەی لەبەرجەستەکردنی ئەم پرۆسیسە زانستیە لەئەدەبو هونەرو گێڕاوەو ، وەك زانستیەك ڕوانیویەتە ئەو ڕۆو پاشەڕۆژی ئەدەبو هونەر . (زۆلا) گەرەکی بووە لەم ڕیگا زانستیەوە ڕۆبچێتە خوارەوە بە (جیهانی دەروونی) پاڵەوانەکانیا ، هەر وەها ئەم قوتابخانە ئەدەبیە دووپاتی پێویستی (بێ لایەنی) نووسەری کردۆتەوە ، وەك هەڵوێست سەبارەت ئەو ڕووداوانەی خستویانەتە ڕوو ، ئەمە جگە لەوەی پێویستە نووسەر دووربکەوێتەوە لەبەکارهێنانی هەموو جۆرە ووشەیەکی بریقەدارو بەکارنەهێنانی پروپاگەندەو ئامۆژگاریو دەست نیشان کردنی ئاکارو ڕەوشتو بڵاونەکردنەوەی ، بەڵکو لەسەر نووسەر پێویستە تەنها شتەکان وەك خۆیانو بەبێ زیادو کەم بخاتە ڕوو ، بێگومان لەم ڕووەشەوە نووسەر سەربەستیەکی تەواو و بابەتێکی زۆری ئەکەوێتە بەردەست تا لەسەریان بنوسێت ، بەمەش ئەم ئەدەبە ڕێگای بۆ زۆر لە دیاردەو باری دوور لە ڕەوشتو ئاستێکی زۆر نزمو بازاڕیو وەدەرخستنی چینە ترمەکانی کۆمەڵ لە ناشرینترین شێوەو دوور لە هەموو بنەماو ڕێبازەکانی ئەدەبەوەو ، پشت گوێ خستنی ڕێساو یاساکانی فەلسەفەو ، زانستی ئێستاتیکەوە کردۆتەوە . بێگومان بەمەش سروشتیەت ئەگاتە ئاستێك هەموو جۆرە پەیوەندیەکیان بە ڕیالیزمەوە نەمێنێو دوور بکەونەوە لە هەموو خولقاندنو ئەفراندنێکی باڵای ئەدەبو هونەرەوە .(٤)

نابێ ئەوە لەیاد کەین کە ئەمیل زۆلا Emile zola مامۆستاو باوکی شەرعی ئەم ڕێبازەیەو لەسەر دەستیدا ڕیالیزم گەیشتە ئەو قۆناخەی بە سروشتیەت ناسرا . زیاتریش بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە لەلای زۆلا لە ڕۆمانی (الوحش البشری) وەدەرئەکەوێت ، پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە مرۆڤێکە نەخۆشی سێکسە ناسازی (الشذوذ الجنسي)یلە باپیرانیەوە بۆ ماوەتەوەو ، ڕووداوی ڕۆمانەکەش لەم ڕوانگەیەوە ئاوێتەی توخمێکی پڕ لە توندو تیژیو سێکسە .

سێکسیش لەلای زۆلا مەودای هەموو ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بەسەر کۆمەڵگادا دێت . زۆلا لەپاڵ ئەو خەرمانە بەپێزە بەردەوامەی (ڕۆمان)و

کورتە چیرۆکەکانی ، کۆمەڵی لێکوڵینەوەشی وەك (پێنفستی) ئەم دیاردەیەو لەشێوەی کتێبی سەربەخۆدا بڵاوکردۆتەوە ، لەو کتێبانەشی (رۆمانی ئەزموونگەری) و (سروشتیەت لە شانۆدا) و (رۆمان نووسە سروشتیەکان) هەر وەها زۆلا گرنگیەکی بێ‌پایانی داوەتە شانۆو گەرەکی بووە لە روانگەی رێبازی سروشتیەوە گۆرانکاریەکی بنەرەتی لەشێوەو شێوازەکانی نومایش‌کردنی شانۆیی‌و هونەری دەرهێنان لە لایەك‌و ، لە لایەکی دیکەشەوە لەرووی ئەدەبی شانۆوە بکات . لەم رووەوە زۆلا پرسیارێکی گرنگی کردووە ، ئەو پرسیارەش ئەوەیە : – (کۆرنی‌و راسین ئەفرێنەرانی تراجیدیان ، هە روەها فکتۆر هۆگۆ درامای رۆمانسیەتی خولقان . کەواتە ئەو نووسەرە وونەکێ‌یە کە پێویستە بیێتە ئەفرێنەری درامای سروشتی ؟) [٥]

گرنگترین رۆمانەکانی (زۆلا)ش بریتین لە (گێرمینال ، نانا ، بەختیاری ئافرتان ، زەوی ، خەون ، پارەکانی دکتۆر باسکاڵ ، مەی‌خانە) بەم رۆمانەشی واتە (مەی خانە)و بەرای رەخنەگران سروشتیەت گەیشتۆتە ترۆپکی گەشەکردنی .. لەم رۆمانەشی‌دا وێنەی ئەو مرۆڤانەی وەدەرخستوە کە بەهۆی مەیەوە تووشی کەوتنی بەهێز دێن .

سیمبۆلیزم (الرمزیة)Symbolism

زۆر هۆکاری گرنگ رۆڵی گێراوە لە تەقینەوەی تەوژمی «رەمزی» لەئەدەب و هونەردا[١] لەوانە نەمانی هیچ بەهایەکی هونەری بەرزو تاساندنی لە گێژاوی رێبازی (سروشتی)و ، دەرکەوتنی قوتابخانەی هونەر بۆ هونەر[٦] ،و گرنگی پێی‌دانی (شێوەو تشکیل) لە شیعرو ، هەمدیسان کوژاندنەوەی کۆمۆنەی پاریس ، چونکە زۆر لە شاعیرە رەمزیەکان بەشداری ئەم شۆرشەیان کردوەو ، دوای پوکانەوەی بۆتە خورپەیەکی گەورە بۆیان ، ئەمانە هەمووی لەلایەك‌و ، دەست بەسەراگرتنی بزوتنەوە زانستیە «وضعیە»کە بەسەر ئەوروپادا لەلایەکی دیکەوە ، (ئەم جوولانەوەیە هەموو شتەکانی مل کەچی لۆژیك کردوەو ، باوەری تەواوی تەنها بە سیما ماتەر ئامێزەکان بووەو ، لەو روانگەیەوە باوەری وەها بووە کە ئەتوانێ لە رێگای شێوازە ئەزموونگەری‌و بە بیری هۆشمەند بگاتە راستی شتەکان) [٧] .

بەو شێوەیە لەکۆتایی چاخی نۆزدەدا رەمزیەت بەشێوەی شۆرش ئاسا دژی‌و ضعیەکان‌و ، طبیعی‌و ، بارنا سیەکان) هاتنە گۆرەپانی شارستانیەتەوە بێگومان (پاریس)لە سەرەتاوە وەك رێبازەکانی‌تر مەڵبەندی خرۆشاندنی ئەم جووڵانەوە ئەدەبیەبووە . لەم روانگەیەو لە بواری ئەوپێش دەستیەوە رەمزیەت مۆرکێکی ئایدیالی‌و رۆحی لەخۆگرتوەو ، واقع و دیاردە ئاشکراکانی وەلاوە ناوەو ، ئامێزی بۆ جیهانێکی پر لەنهێنی کردۆتەوەو ، لە دەرگای (لاشعور)ی داوەو ، بەو جیهانە پر لەوێنەو پەنهان‌و نهێنیەدا رۆچۆتە خوارەوەو ، بەشێوازێکی ئیحائی‌و تجریدی رووت وێنەی ژیانی ناوەوەی مرۆڤ‌و دیاردە سروشتی‌و کەونی‌و جەوهەری راستیان بە وێنەو ، داستان‌و ، مۆسیقا خولقاندوە ، بەو نیازەی تارایەکی رۆحی بەرزی رەها ببەخشنە ئەدەب‌و هونەرو ، لەگەرۆی ریالیزم‌و ، سروشتیەت‌و ، پارناسیەکان دەربهێنێ .

یەکەم بانگەوازی ئەم رێبازەش (شارل مۆریاس)و لە ساڵی ١٨٨٦دا مێفیستی رەمزیەتی لە رۆژنامەی (فیگارۆ)دا بڵاوکردۆتەوە . [٨] دوای ئەوە شاعیرانی وەك (رامبۆ ، و مالارمێ‌و فیرلین) بنەماکان رەمزیەتیان لە شعیرەکانیان لەلایەك‌و ، لەلایەکی دیکەشەوە لەو لێکۆڵینەوە فرەو بە پیتانەی بەردەوام لە کۆمەڵێ گوڤارو رۆژنامەی تایبەت‌مەند بەم رێبازە بڵاویان کردۆتەوە داناوە .

جیهانی «لاشعور» لایەنێکی گرنگی ئەم رێبازەیە ، دوای ئەوەی (فرۆید) مرۆڤی دابەشی دوو حاڵەت کرد (شعور)و (لاشعور)و هەروەها دەست نیشان کردنی نهێنی ئەم جیهانە لەنەخشەی بیروهۆش‌و هۆشمەندی ، لەهەمان کات‌دا دەوڵەمەندی ئەم لایەنە لەزۆر دیاردەو خەون‌و جیهانی تایبەت ، کە هونەرمەند لە روانگەی تەقینەوەی ئەو لاشعورە خەفەکراوە ئەفسونیەوە ئەگاتە قۆناخی ئەفراندنێکی باڵاو بەرزو ، هونەرێکی مەزنیش ئەخولقێنێ . هەروەها لاوانی سەر بەم رێبازە کەوتبوونە ژێر کاریگەری فەلسەفە رەشبینەکەی (شۆبنهاوەر)ەوە ، چونکە رەمزیەکان وەك شۆبنهاوەر دووپاتی دڵە راوکەی رۆح‌و حەپەسان‌و گەمارۆدانی (بوون) لە کۆمەڵێ دیاردەی نادیارو پر نهێنی‌و رەمزیان ئەکردەوە . لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە مۆسیقای (ڤاگنەر) هۆکارێکی گەلی کاریگەر بووە بۆ وەدەرکەوتنی رەمزیەت ، چونکە مۆسیقاو ئۆپراکانی ڤاگنەر مۆرکێکی پر لەخەون‌و داستان‌و ئەفسونی لەخۆگرتووە .

مۆسیقا هاوکێشە ئاڵۆزە پر لە نهێنیە رەمزیەکە دەگەیەنێتەترۆپك ، لەم رووەوە «فیرلین» ووتویەتی : – (مۆسیقا لەپێش هەموو شتێکدا) [٩] بەمەش مەبەستیان بووە شعیر مۆرکێکی مۆسیقا ئامێز لەخۆ بگرێت‌و ، وەك مۆسیقا

شیعر نەڕوانگەی هەست و سۆزێکی بەرزەوە تێڕوانینی بێسنور لەلای خوێنەر دروست بکات.

لەم بۆ چوونەوە ڕەمزیەکان دوویاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە شاعر بەهۆی ئەو توانا بەهرە بەرزو خودیەی خۆیەوە ئەتوانێ یاساو بنەمایەکی جیاوازتر بەخشێتە سروشتو، سروشت لە زۆر دیاردەی ئاشکرا بەدەربکاتو، واقعێك بخوڵقێنێ کە خۆی گەرەکیەتی. واقع لەلای ڕەمزیەکان بریتیە لە جیهانێکی پڕ لەجووڵەو جووڵانەوە، گۆرانکاری بەردەوام، لەبەر ئەوە ناگاتە جەوهەری ڕاستی، بۆیە «خەونو فەلسەفەی خەون»پانتاییەکی گرنگ لەم ئەدەبەیان لەجیهان شعیرو هونەری ڕەمزی لەخۆدەگرێت، بۆدلێر ووتویەتی: – (هەموو ئەو شتانەی لەسەر زەوین لەشتی لاوەکی بەولاوە زیاتر نین، ڕاستی ڕاستەقینەش بوونی بۆ نیە لەخەوندا نەبێ)[10]. نابێ ئەوە لەیاد بکەین چیرۆك نوسی گەورەی ئەمریکی (ئەدگار ئاڵان پۆ)ڕۆڵێکی فرەگەورەو کاریگەری گێراوە بەسەر ڕابەرانی ڕەمزیەتەوەو، شەمەندەفەری ڕێبازەکەیانی گەیاندۆتە وێستگەی ئەو دیاردەیەی بە ڕێبازو قوتابخانەی ڕەمزیەت (سمبۆلیزم) ناسرا.

ڕەمزیەتیش بەشێوەیەکی گشتی لەقووڵاوی دەریای شعیرەوە وەدرکەوتو، مەبەستی بووە بگاتە نهێنی جەوهەری ڕاستەقینەی شعیر.. ڕەمزیش تەنها کەرەسەیان بووە بۆ بەئەنجام گەیاندنی مەبەستەکەیان. هەرچەندە ڕەمزیەت لە شعیردا سەری هەڵداو ڕابەرانی ئەم ڕێبازە بلیمەتانی وەك (بۆدلێرو ڕامبۆ، و مالا مێو فیرلین)و چەندان شاعیرانی گەورەیتر ئەم شۆرشەیان هەڵگیرساند، بەڵام دەرگایەکی گەلێ فراوانی بۆ هەموو جۆرەکانی هونەر و ئەدەبو، لەشێوازو مۆرکێکی باڵاو بەرزدا کردۆتە... هونەری چیرۆكو ڕۆمانو، هونەری شانۆ لەڕووی تکنیکی دیکوورو دەرهێنانو، پرۆسیسی نومایش کردنو، ئەدەبی شانۆیی هاوچەرخەوە کاڵایەکی گەلێ بەرزو جیاوازو ڕۆحی ڕەهای لە ڕوانگەی ڕەمزیەتەوە بە باڵا براوە. مەوداو ئاسۆگەیەکی نوێی لەبەردەم هەموو جۆرەکانی ئەدەبو هونەردا کردۆتەوە.

سوریالیزم

هەرچەندە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕێبازی ڕەمزی بەرەو نەمان چوو، وەك ڕێبازو قوتابخانە، بەڵام ئەتوانین بڵێین ڕێبازی ڕەمزی لەزۆر شێوەو وێنەی جیاواز جیاوازی تردا وەدەرکەوتۆتەوەو سەری هەڵدایەوە.. چونکە کاریگەری ئەم تەوژمە گۆرانکاریەکی بنەڕەتی لە زۆر بنەماو تێڕوانینو مەوداکانی هونەرو ئەدەبدا داهێناو، ئەدەبو هونەری هاوچەرخ دەروازەیەکی نوێی بۆ والآکرایەوەو، داهێنان مۆرکێکی زیاتر (هونەر ئامێزی) لەخۆگرتوە. سوریالیزم یەکێك بوو لەو تەوژمانەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم توانی هێزی خۆی بسەپێنێتو، وەك دیاردەیەك بە شێوەیەکی کاریگەر بڵاوبێتەوەو، ووشەکەش (سریالی) مانای لە (سەرو واقعەوە) ئەگرێتەوە، لەو ڕوانگەیەوەی لەپشت واقعەوە واقعێکیتر هەیەزۆرفروانو بەهێزترو کاریگەرتر لە واقع، ئەو واقعەش واقعی (لاشعور)ە، لەبەرئەوە (ڕاستی لە تێڕوانینی ئەم ڕێبازەوە لەجیهانی (عقلیباطن)دایەو، خەون جەوهەری ڕاستیو شتەکانە، هۆش لە خەوندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئازاد ئەبێ لەهەموو جۆرە دەست بەسەراگرتنێکی بیرو هۆشی هۆشمەند (العقل الواعي).

ئەتوانین بڵێین (سریالیش)درێژ بوونەوەیەکی لۆژیکی تەوژمی (دادادی)یە کە لە زوریخو لەسەر دەستی (هوکۆبال) لە ساڵی ١٩١٦دا وەك تەوژمێکی دژ بە جەنگ وەدەرکەوت.

سێ کوچکەیەکی زانستیو فیکریو فەلسەفی ڕۆڵێکی مەزنی گێراوە لە (دیاردەی سۆریالیزم)دا، ئەوسێ لایەنەش: جیهانی لاشعورو عقلی باطن لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوە زانستیەکانی (فرۆید)و، بە تایبەتی (فرۆید) بۆ پراکتیکی ئەو تیۆرە زانستیانەی شاکاری (ئۆدیبی پاشا)ی سوفۆکلیس و (لیۆناردۆدافنشی)و (شەکسپیر)و زۆریتر لە شاکارە جیهانیەکانی کردۆتە میدانە لێتۆژینەوەکانیو، بەستونیەتەوە بە هێزی (لیبرۆ)ی سێکسیەوە.. لەپاڵ فرۆیدا فەلسەی (برغسون) هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بووە، برغسون ووتویەتی: – (پراکتیکی کردەییو ئەزمونگەری هیچ پەیوەندیەکی بە زانستی مرۆڤایەتیەوە نیە)[11].

«ئەندریەجید»یش خالێکی گرنگو هۆکارێکی کاریگەر بووە، ئەندریەجید زۆر لەبەرهەمە ئەدەبیەکانی کاڵایەکی پڕ لە ڕەمزیەتو جیهانێکی پڕ لە سوریالیزمو خەونی بە باڵا برابوو، بە تایبەتی (جید)ماوەیەك ئەندامی قوتابخانەی (ڕەمزی)بووە لە فەرنساو، کاریگەری ئەو قوتابخانە لەبەرهەمەکانیدا ڕەنگیان دابووەوە.

گرنگی پێی دانی ئەم ڕێبازە بە (لاشعور)و عقلی باطن ئەگەرێتەوە بۆ ڕابەرو دامەزرێنەری ئەم تەوژمە (ئەندریەبریتۆن)بریتۆن قوتابی کۆلێژی

پزیشکی بووه که جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرساوەو ، لە ساڵی ١٩١٥ بۆتە (سەرباز) یەکێك لەیەکە پزیشکیەکان‌دا ، لەم رووەوە (بریتۆن) زیاتر ئاڵودەی ئەم لایەنە ئەبێت‌و ، زۆر لە هاورێ شاعیرەکانی وەك (ئەبۆلینێرو ، بۆل‌فالری‌و ، ئەراغۆن)ئەوروژێنی‌و باسی لێکۆڵینەوە دەروونیەکانی (فرۆید)یان بۆ ئەکات .

هەر وەها (برتیۆن)لە روانگەی ئەو بۆ چوونە تایبەت‌مەندەیەوە بۆ دامەزراندنی تەوژمێکی نوێ تیشکی گرنگی پی‌ی دانی خستۆتە سەر دیوانی (سروودەکان مالدودور)ی (لۆتریامۆن)ەوە ، ئەم دیوانەی لۆتریامۆن هێزێکی ئەفسونی گەورە بووە بۆ سوریالیزمەکان ، برتیۆن هەمیشە بە چاوی رێزو گەورەییەوە روانیویەتە بلیمەتی (لۆتریامۆن) . برتیۆن مێنفیستی یەکەمی لە ساڵی ١٩٢٤دا بڵاوئەکاتەوە ، بە تایبەتی لەدوای ئەوەی ئەم تەوژمە زۆر لەسیماکانی وەدەرکەوت ژمارەیەکی زۆر لەداهێنەرە گەورەکانی پاریس وەك (ئیلوار ، و کرافل ، شاعیر شانۆیی ئەنتۆنین ئارتۆ ، و فیتراك ،و ئەراغۆن)و زۆری‌تر چوونە ریزی ئەم رێبازەو ، رەزامەندی خۆیان بۆ بنەماکانی دەربری‌وە .

برتیۆن‌و بەلاینگیری ئەندامانی ئەم تەوژمە لە مانیفیستی یەکەمی‌دا بانگەشەی ئەوەیان کرد کە هونەر هەڵقوڵاوی (فوضی‌و ، عقلی باطنی‌و ، لامعقولیەت‌و ، خەون)ەو لەمەداری جیهانێکدا ئەسورێتەوە زۆر دوور لە هێزو رژێمی هۆشەوە (العقل) .. «رێبازێکی ئۆتۆماتیکی دەروونی روونە ، مەبەستیەتی بەهەر شێوەیەك بێت گوزارشت (تعبیر)لە راستی فیکر بکات ، بەڵام دوور لەهەموو جۆرە رژێمێکی «عقل»ەوە»[12] .

بێگومان کارەساتەکانی جەنگی گەورەی جیهانی یەکەم هۆکارێکی گەلی گرنگی وەدەرکەوتنی ئەم دیاردەیە بووە ، رابەرانی ئەم رێبازە بە شێوەیەکی گشتی یاخی بوون لە هەموو جۆرەکانی شارستانیەتی رۆژئاوای ئەوکاتە ، بەتایبەتیش لە ساڵەکانی جەنگ‌داو ، دووپاتی پێویستی گۆڕان‌کاریەکی بنەرەتیان کردۆتەوە لە کۆمەڵ‌و مروڤ‌و هونەردا ..و بە ئاشکرا دژی بورژوازیەت ئەجەنگان‌و دەردەکانی کۆمەڵ‌و لێڵ‌بوونی‌کانی شارستانیەتی ئەوروپیان ئەنایە ملی ئەو چینە . کەواتە سەربەستیەکی رەهاو جیهانێکی پڕ لەخەون و هێزی لاشعورو عقلی‌باطن و ، لێکوڵینەوەی دەروونی ئەمانە هەمووی هێزی گوزارشت کردنی هونەرە ، بەمەرجێك بەهەموو شێوەیەك دووربکەوێنەوە لە بیرو هۆش‌و لۆژیکەوە . دوای ئەوە سوریالیزم لەناو بوارە جۆربەجۆرەکانی ئەدەب‌و هونەردا بڵاو ئەبێتەوەو ، ژان کۆکتۆو ، بیکاسو و (سلفادۆردالی)دێنە ریزی ئەم بوارەوە . بەڵام کاریگەری دالی لەهەموویان زیاترە ، لەبەر ئەوەی تەنها (دالی) ئەم رێبازە لای نەداو هەناسەیەکی درێژو گەورەی پێی بەخشی .

پەراوێزو سەرچاوەکان .

١ – کاتی خۆی کلاسیزم‌و رۆمانسیەت وەك دووزنجیرەی یەك بە دوای یەکی ئەم ز ر و ن ە رۆژمانەی «هاوکاری» بڵاوکراوەتەوە ، لەبەر ئەوە وام بە چاك زانی جارێکی‌تر تێرەد ە و نەکرێتەوە .

٢ د. حاتم عماد ، مدخل الى تاريخ الاداب الاوروبية ، الدار العربية للكتاب ، ص ٣٤٩ . سنة ١٩٧٩

٣ – هەمان سەرچاوە ، لا ٣٦٣

٤ – رێبازی سروشتیەت لە ئاکامی ئەو رژێمە کاربۆنیەی پەیرەوی ئەکرد کۆمەڵی گرفت‌و گێژاوی ئاڵۆزی خولقاند بووە هۆی دروست بوونی قوتانجانەی (هونەر بۆ هونەر)ئەم تەوژمە روویەکی دژی توندوتیژی سروشتیەت بووەو ، هەوڵی داوە هونەر لەو ژیانە کۆمەڵایەتیەی سروشتیەکان بۆیان دروست کردبوو دوور بخاتەوەو ، هونەرمەند مرۆڤێکی (ئازاد)و دوور بێ لە هەموو بارودۆخە رامیاری‌و کۆمەڵایەتیەکانەوە هونەرەکەشی بە دەربێ لەم جۆرە سیفەتانەوە ، نەك هەر ئەوە بەڵکو هونەر ئەبێ لەم روانگەیەوە بابەت‌و تێ‌روانینی تایبەت‌مەندی رەهای خۆی هەبێ‌و ملکەچی هیچ جۆرە پێوەروکات‌و شوێنێك نەبێ ، ئەم قوتانجانەیە زیاتر لە شعیردا وەدەرکەوت‌و بە (پارناسیەت) ناسرا ، ئەم ناوەش ئەگەرێتەوە بۆ چیای (پاراناس)ی یۆنانی ، وەك لەداستانەکاندا هاتووە ، ئەم چیایە خوای شعیری تیا نیشتە جێ بووە .

٥ – اردش ، سعد المخرج في المسرح المعاصر ، عالم المعرفة ، الكويت ، ص ٥٦ ، سنة ١٩٧٩ .

٦ – پێویست بوو ئەم قوتانجانەیەش وەك رێبازەکانی دی روون بکەمەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر ئەم بزوتنەوەیە لە شعیردا سەری هەڵداو لەمەداری شعیر نەچووە دەرەوەو ، بەشێکی زۆر لە شاعیرە بەرزەکانی فەرەنسا رابەرایەتیان کرد ، بۆیە ئەم لایەنە ئەسپێرمە شاعیرەکانمان ، لەبەر ئەوەی تانو پۆیەکی زۆری مەسەلە شعیری‌و مێژووی شعیرو شاعیرە بلیمەتەکانی گەرەکە .. ئەمەش زیاتر لەوانەوە نزیکە .

٧ – آيت حمودي ، تسعديت ، أثر الرمزية الغربية في مسرح توفيق الحكيم ، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع ، سنة ١٩٨٥ ، ص ١٣

٨ – د. جواد الطاهر ، علي ، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي ، الموسوعة الصغيرة ، دار الجاحظ للنشر ، سنة ١٩٨٣ ، ص ٤٨

٩ – د. حاتم عماد ، مدخل الى تاريخ الاداب الاوروبية ، الدار العربية للكتاب ، ص ٣٩٦ ، سنة ١٩٧٩ .

١٠ – آيت حمودى ، تسعديت ، اثر الرمزية الغربية في مسرح توفيق الحكيم ، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع ، سنة ١٩٨٥ ، لا ٢٩

١١ – د. حاتم عماد ، مدخل الى تاريخ الاداب الاوروبية ، الدار العربية للكتاب ، ص ٤١٠ ، سنة ١٩٧٩ .

١٢ – د . جواد الطاهر . على ، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي ، الموسوعة الصغيرة ، دار الجاحظ للنشر ، ص ٨٦ ، سنة ١٩٨٣ .